وانەی 41
1. نوێژ و سوپاسگوزاری
پێشڕەوی گروپ:- هەوڵ بدە بەردەوام بیت لە نزا و سوپاسگوزاری، هەروەها بەردەوام بە لە دروستکردنی قوتابی نوێ.
2. پەرستن (20) خولەك (پەسەندکردن و ڕێزگرتنی خودا)
بابەت:- پەرستن وەکو ڕێز و ستایش بۆ خودا
لەم وانەیەدا هەندێك شت دەربارەی پەرستنی خودا و ستایشکردنی فێردەبیت
ئاشکراکردن 4: 1 ـ 11 بخوێنەوە
لە ئاشکراکردنێکدا "یۆحەننا"، تەختی پاشایەتی و دەسەڵاتی لە بەهەشت بینی، ئەوەندە گەورە بوو کە نەیدەتوانی باسی شێوەکەی بکات.
1. تەختی پاشایەتی: یۆحەننا تەختی پاشایەتی و دەسەڵاتی خودای لە بەهەشتدا بینی "ئاشکراکردن 4: 2" ئەم شوێنە نە زەوییە و نە خۆرە و نە سەر هیچ یەکێك لە ئەستێرە حەوتەوانەکانە، خودا لەسەر تەختی پاشایەتی خۆیەتی، هەموو شتێك کە لە گەردوندا ڕوودەدات، لەسەر زەوی، لەهەر بوارێکدا و لە هەر مێژوو و بەروارێکدا بێت، ئەگەر بە هەر دادوەر و دەسەڵاتدارێك جڵەوگیری بکات ئەوا خودا خۆی توانای ئەوەی هەیە لە جێگەی خۆیەوە و بە فەرمانێکی ڕاستەوخۆ هەموو شتێ جڵەو بکات، خودا خۆی هەموو شتێکی دروست کردووە و خۆشی ئارەزووی لەو دروستکردنە هەبوو "ئاشکراکردن 4: 11". خودا تۆی دروست کردووە، لەبەرئەوەی خودا ویستوویەتی تۆ هەبیت "ئیشایا 43: 7؛ کۆلۆسی 1: 16" هیچ شتێك لە دەسەڵاتی خودا ناچێتە دەر و خودا دەسەڵاتی بەسەر هەموویدا هەیە "ئیشایا 14: 24 ـ 27"!
2. ڕووناکی و درەوشانەوە: یۆحەننا نەیدەتوانی باسی ئاکاری ڕوخساری خودا بکات، بەڵام درەوشانەوە و ڕووناکی "4: 3" و درەوشانەوەی لەسەر تەختی دەسەڵات وەکو گوڵی یاسەمین و گەوهەری سوور و زەمرود وابوو، هەروەها پەلکە زێرینەیەکیش کە ڕەنگاورەنگ بوو دەروی دابوو.
"سێ ڕەنگەکە"
یاسەمین:- ڕەنگێکی ڕوون و جوانە و وەك و کریستاڵ وایە "ئاشکراکردن 12: 11" کە جۆرە ئەڵماسێکە، کە نیشانەی شکۆمەندی و پیرۆزی خودای باڵادەستە.
گەوهەری سوور:- ڕەنگێکی سورباوی هەیە و مانای خوێن دەبەخشێ، هەروەها مانای دادگەری و تایبەتمەندی یەکسانی خودا دەردەخات.
هەروەها زەمرودیش ڕەنگێکی سەوزی هەیە و واتای بیروباوەڕی نەگۆڕی خودا دەگەیەنێت "حزقیال 1: 28؛ پەیدابوون 12: 17" توانای لە ئەندازە بەدەری خوداش دەردەخات.
"نامەی سێ ڕەنگەکە"
مەبەست لە پەیامی ئەو ڕەنگانە بریتییە لە ئاگادارکردنەوەیەکی خودایی بۆ ڕۆڵەکانی، ئەمەش لە پەیمانی نوێدا باسی کراوە، لەگەڵ شکۆمەندی و باڵادەستی خودا، هەروەها تورەیی خودا بەرامبەر هەموو ئەوانەی کە خەریکی کاری خراپەکارین و خۆشەویستی و سۆزی خودا بەرامبەر هەموو ئەوانەی باوەڕدارن، ئەمەش لەو ڕەنگە سەوزەدا دەردەکەوێت، بەڵام ڕەنگە سوورەکە نیشانەی ڕق و تورەیی خودایە لە خراپەکاران، ئەوانەی دوای عیسای مەسیح کەوتوون و کاری پاك دەکەن چارەنوسی خراپ چاوەڕێیان ناکات "ڕۆما 8: 1" بەم شێوەیە ئەو سێ لایەنەی تایبەتمەندی خودا لە تەختی دەسەڵاتی خوداوە دەردەکەوێت، خودا لە شوێنی خۆیەوە دەسەڵاتی بەسەر هەموو زەوی و ئاسمانەکاندا بەدادگەریەکی ڕاست و دڵسۆزیەوە پەیڕەو دەکات.
**درەوشانەوە و هەڕەشەکردن**
لە تەختی خودا، چەخماغەی ڕووناکی و گرمەگرم و هەڕەشە هەیە (4: 5) ئەم دیاریە لە سروشتدا دەبێتە هۆی ترس و سامناکی بۆ خەڵك. ئەمانە هەمووی دەرپری ویست و

ئیرادەی خودایە، هەروەکو ئەمە ڕویدا کاتێك خودا دە فەرمانی خۆی نارده خوارەوە "دەرچوون 19: 16 – 20: 18" کاتێك جوانی و شۆخ و شەنگی خۆی بۆ (ئەیووب) دەرخست "ئەیووب 37: 2 – 7"، هەروەها کاتێك فەرمانڕەوایی خۆی بۆ یۆحەننا دەرخست "ئاشکراکردن 4: 5" هەروەها کاتێك نیشانەی دادگەری خۆی ئاشکرا کرد "ئەیووب 37: 8 – 13؛ ئاشکراکردن 8: 5؛ 11: 19؛ 16: 18).
3. سێتایی (باوك و کوڕ و ڕۆحی پیرۆز)
یۆحەننا تەواوی ڕۆحی پیرۆزی بینی، ئەویش کاتێك بینی کە لەبەردەم بارەگای خودا حەوت چرا دەسوتێن و ڕووناکی دەدەن "ئاشکراکردن 4: 5"، هەروەها عیسای مەسیح دەبینێت کە لە ناوەڕاستی تەخت وەستاوە و وەکو ئەوە وایە کە کوژراو بێت "ئاشکراکردن 5: 6" خودایە کە خۆی لە سێ شتی جیاوازدا دەبینێتەوە، شوێنەکەی عەرشی بەهەشتە و هەروەها وەکو باوك وایە و بڕیاریش لەژێر دەسەڵاتی ئەودایە، لە هەمانکاتیشدا خۆی وەکو ڕۆڵەی باوك دەردەخات و وەکو ڕۆحی پیرۆزیش دەردەکەوێت کە لەسەر زەوی و لەناو خەڵکدا نیشتەجێ دەبێت، تاوەکو فەرمانی خودا لەناو جەستەیاندا جێبەجێ بکات "ئاشکراکردن 1: 4 ـ 5"
4. چوار دروستکراوی زیندەوەرەکە: یۆحەننا چوار دروستکراوی زیندوو لە دەوری عەرشی خودا دەبینێت "ئاشکراکردن 4: 6 ـ 9"، ئەمانە بونەوەری بەهەشت بوون گوزارشتیان لە گەردوون و بوونەوەرەکانی ناوی دەکرد، دروستکردن بریتییە لە شوێنی پەیدابوونی مێژووی ڕزگارکردنی مرۆڤ، ئەرکی ئەو چوار زیندەوەرە بریتییە لە هاندان بۆ بڵاوبونەوەی شکۆمەندی خودا لە هەموو مێژووی مرۆڤایەتیدا "ئاشکراکردن 4: 8".
5. (24 پیرەکە)
چۆن "24" پیری بینی لە دەوری تەختی پاشایەتی خودا لەسەر "24" تەخت دانیشتبوون "ئاشکراکردن 4: 4" ئەوانە یەکێك بوون لە باڵاترین فریشتەکانی بەهەشت، کە ئەوەی دەرپری دەست و پەیوەندی خودا بوو لەپەیمانی کۆندا (12 هۆز) و هەروەها دەست پەیوەندی خودا لە پەیمانی نوێدا (12 نێردراو) ئەرکی ئەم "24" پیرە بریتی بوو لە هاندانی خەڵك بۆ ڕووکردنە شکۆمەندی خودا (ئاشکراکردن 4: 11).
6. دەریای شووشەیی
(دەریای مسی)
لە پەیمانی کۆندا دەریای مسی بریتی بوو لە حەوزێکی ئاو لە نێوان قوربانگای کڵێسا و پەرستگادا بووە، کاهینەکانی پەیمانی کۆن دەست و قاچیان لەناو ئەو حەوزەدا دەشووشت پێش ئەوەی بچنە قوربانگا یان پێش ئەوەی بچنە پەرستگا "1 پاشایان 7: 23 – 26؛ دەرچوون 30: 18 – 21" لە پەیمانی نوێدا (ئاشکراکردن 4: 6)، دەریای شووشە کە ڕونە نیشانەی خوێنی عیسای مەسیحە کە مەسیحییەکان جل و پۆشاکیانی تێدا دەشۆن "7: 14" بەم شێوەیە نیشانەی ڕزگاربوون و دادگەری دەگەیەنێ، ئەوەش لە ئەنجامی مردن و زیندووکردنەوەی عیسای مەسیح. بەم شێوەیە لە "ئاشکراکردن 4: 6" دا دەریای شووشە نیشانەی ڕزگاربوونی خودایە، خودا دەبێتە هۆی ڕزگار بوون بۆ مەسیحییەکان لە هەموو نەتەوەکان لەبەرئەوە دەتوانن بە ئاشتی و ئاسودەیی بژین "ڕۆما 5: 1"
**دەریای سوور**
لە پەیمانی کۆندا باسدەکات کە موسا و ئیسڕائیلیەکان لە دەریای سوور وەستان دوای ئەوەی خودا فیرعەون و داروەدەستەکەی تێکشکاند لە دەریای سوردا "دەرچوون 14: 19؛ 24: 22-13" بەم شێوەیە خودا تەواوی سوپای فیرعەونی لەناوبرد، هیچیان ڕزگاریان نەبوو ئاوەکەش (وەکو تسونامی) هەموویانی خنکاند.
لە پەیمانی نوێدا "ئاشکراکردن 15: 2 ـ 4" یۆحەننا بینی کە دەریایەکە وەکو شوشەیەکی ڕۆشن وابوو کە تێکەڵاو بوبێ لەگەڵ ئاگردا لەبەردەم عەرشی خودا ئەمەش نیشانەی ئەو شوێنەبوو کە خودا سزای خۆی تێدا جێ بەجێ دەکات بەسەر هەموو ئەوانەی کاری خراپە

و دڕەندەیان ئەنجامداوە، بەم شێوەیە "ئاشکراکردن 15: 2 ـ 4" دەریای شووشە بە تێکەڵاوی لەگەڵ ئاگردا مانای سزای خوداییە بۆ بەندە خراپەکان.
ئاگر نیشانەی تورەیی و ڕقی خودایە کەتێیدا سزای خۆی بەسەر گوناهکاراندا جێ بەجێ دەکات دوای ئەوەی خودا سزای بەسەر تاوانبارو خراپەکاراندا جێ بەجێ کرد پیرۆزی و ڕاست ڕەوی و خۆی هەر دەمێنێتەوە تاوەکو بۆ هەمووکەس ڕوون و ئاشکرابێ نایێت هیچ شتێك شاراوەبێت و ببێتە جێگەی پرسیار و سەر سورمان کاری خودا هەمیشە دیار و ئاشکرایە "15: 4" هیچ شتێکی خراپ لەبەردەمی خودا خۆی ناگرێ "21: 8 و 27" خودا هەموو شتێ دەبینێت "عیبرانیەکان 4: 13".
7. پەرستنی جیهانی
یۆحەننا دەبینێت کە چۆن چوار زیندەوەرە دروستکراوەکە ستایشی خودا دەکەن و خودا دەپەرستن "ئاشکراکردن 4: 8" هەروەها ئەو 24 کەسەشی بینی کە چۆن خوداپەرستیان دەکرد و ستایشیان دەکرد "ئاشکراکردن 4: 10 ـ 11؛ 5: 11 ـ 14" مەبەستی خودا لە هەمووشتێکدا بریتییە لە پەرستنی و ستایشکردنی.
پەرستن:- وەکو بەشێکی زۆری خەڵکی کە لە دەوری عەرشی خودان با ئێمەش بە ستایشکردن و پەرستنی خودا هەڵسین و هەوڵبدەین فەرمانڕەوی خودا بەسەر هەوو شتێکدا جێبەجێ بکەین.
3. بەشداری 20 خولەك (2 سامۆئیل)
ئێستا هەوڵبدە ئەوە بخوێنیتەوە و باسی بکەیت (یان هی دەفتەرەکەت کە نوسیوتە) کە فێربووین لە ئەنجامی خوێندنەوەی بەشەکانی ئینجیلدا "2 سامۆئیل 15 و 17 و 18 و 22" هەروەها گوێ بۆ هی خەڵکانی دیکەش بگرە و قبوڵی بکە، بەڵام گفتوگۆ مەکە.

4. فێرکردن 70 خولەك
(پەیوەندییەکان) پەیوەندی دایك و باوك ـ منداڵ
ئەم بەشە بریتییە لە خوێندنی هەندێك شت کە دەربارەی بوونە باوك و دایك یان منداڵە، بە گوێرەی فەرمانەکانی خودا لایەنە کرداریەکانی تەنها پێشنیار دەگرێتە خۆی کە تۆ بە شێوەی نزا نوێژ لەناو کلتوری خۆتدا پەیرەوی بکەیت.
أ- پەیوەندییەکانی دایك و باوك بەرامبەر منداڵەکان
1. ئەرك و بەرپرسیاریەتی دایکان و باوکان لە ژنهێنان و شوکردندا "کۆڵۆسی 3: 18 ـ 19 و یۆحەننا 13: 34 ـ 35" (ئەفەسۆس 5: 22 ـ 23) بخوێنەوە
بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە:- ئەو ئەرك و بەرپرسیاریەتیانە چین کە خودا ژن و مێردەکانی پێ ڕاسپاردووە؟
سەرنج:- ژن و مێرد دەبێت بەشێوەی کرداری نموونەی ڕێگای بەختەوەری بن و هەریەکەیان ئاوێنەی ئەوی دیکە بێت پەیوەندی هەریەکەیان بەوەی دیکەوە دەبێت، وەکو وانەیەك بێت بۆ فێربوونی منداڵ لەبارەی ئەرکی مێینە بۆ ئەوەی ژنەکەی خۆشبووێت هەروەها دەبێت یەکسانی بدات بە ژنەکەی، تاوەکو ئەمیش یارمەتی بدات بۆ ئەوەی باشترین کەس بن بۆ عیسای مەسیح، بە دڵنیاییەوە دەبێت نموونەی ئەوانە بن کە لە پەیوەندییەکی بەردەوام و سەرکەوتوو دان و منداڵەکانیان فێردەکەن.
2. ئەرك و بەرپرسیاریەتی دایك و باوك لە ئاست دایك و باوکییەتی دا
(کۆڵۆسی 3: 21 و تیمۆساوس 3: 4 ـ 5 و تیتۆس 1: 6 و تیتۆس 2: 4 ـ 5) ئەفەسۆس 6: 4 بخوێنەوە
بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بکە (ئەو ئەرکە دیاریکراوانە چین کە خودا خستویەتە سەرشانی دایك و باوکان)؟
سەرنج (باوکەکان)
- هەوڵ مەدە منداڵەکانت تورەبکەیت و فێری ڕەفتاری خراپیان بکەیت

- ڕایان بهێنە لەسەر زانینی تایبەتمەندییەکانی خودا و جێبەجێکردنی فەرمانەکانی
- خێزانەکەت باش ڕێك بخە و ئاگاداریان بە
- منداڵەکانت ڕابهێنە تاوەکو گوێڕایەڵی هەردوکتان بن واتا تۆ و خێزانەکەت (دایکان)
منداڵەکانت خۆشبوێت
- کاری ماڵەوە جێبەجێ بکە
- هەوڵ بدە کە ڕەفتارت نەبێتە هۆی ئەوەی خەڵکانی دیکە لە خودا ڕەنجێنیت
ب ـ باوکان، منداڵەکانتان تووڕە مەکەن
فێرکردن: خودا قسە بۆ باوکان دەکات وەك گەورەی خێزان ناویان دەبات لەبەر ئەوە دایك دەبێت یارمەتی باوك بدات (پەیدابوون 2: 18)
(تووڕەکردن)
تووڕەکردن، واتا نواندنی ڕەفتارێکە لەلایەن باوانەوە دژ بە خواستی منداڵەکەی و بنچینەی ئەو ڕەفتارە هەڵەیە و دەبێتە هۆی ڕق هەڵسانی منداڵەکە، هەندێك جار تووشی هەندێك دیاردەی دیکەی دەکات، لەبەرئەوەی دەبێت باوان ئاگاداری هەڵسوکەت و ڕەفتاریان بن لەگەڵ منداڵەکانیاندا.
(ڕیزگرتن)
- چۆن وا دەکەین کە ڕێز و وەفاداری بۆ منداڵەکان دروست بکەیت؟
- ئەوکاتەی کە پێویستە ئەوان گەشەبکەن و پێش بکەون و هەندێك جار هەڵەش دەکەن.
- بۆ گەشەسەندنی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوەی.
- بۆ باشترکردنی لایەنی کرداریان چونکە هەندێك جار تاوان ئەنجام دەدەن.
- بۆ پێش خستنی پەیوەندییەکانیان.
1. با کوڕ و کچەکانت بەردەوام لە پێشکەوتندا بن لە بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوەدا.
أ- مەبەستی باوان
مەبەستی ئێمە وەکو باوان نابێت هەر تەنها دڵخۆشکردنی منداڵەکانمان بێت، بەڵکو پێویستە لە ڕووی پەرپرسیارێتی و پەیوەندیشەوە ئاگامان لێیان بێت.
گفتوگۆ بکە: ئەگەر مەبەستی سەرەکیت تەنها دڵخۆشکردنی منداڵەکەت بێت ئەوا لە دواڕۆژدا ئەو منداڵە چۆن دەردەچێت؟
سەرنج: کەسی بێ کەڵك و خۆپەرست و دوور لە بەها ڕەوشتیەکان دروست دەبێت
ب ـ پێشخستنی بەرپرسیارێتی
گفتوگۆ بکە:- چۆن دەتوانیت یارمەتی منداڵەکانت بدەیت تاوەکو ببنە کەسی پێگەیشتوو لە بەرپرسیارێتیدا؟
سەنج: کەسی بەرپرسیار هەوڵ دەدات بە چاوی ڕەوشتەوە بەرپرسیارێتییەکان بخاتە ئەستۆ، لە هەر شوێنێك و لە هەر پلە و پایەکدا بێت، هەروەکو یەك و ڕەوشتی بەرزە شوێنی گرینگ بۆ ڕاهێنانی ئەو کەسە لە بەرپرسیارێتیدا بریتییە لە هەڵوێستیان، پیشەیان، ڕەفتاریان، هەروەك خۆڕاگرتنیان لەگەڵ خێزاندا، پارە، هاوڕێ دروستکردن، بیروڕامان... هیتد.
ج ـ قۆناغەکانی بەرپرسیارێتی و لێپرسینەوە
فێربکە:- لە بەتەمەنداچوندا دەبێت پێنج قۆناغت پڕی بێت واتا لە منداڵیەوە تاوەکو دەبیتە کەسێکی ژیر و پێگەیشتوو.
**قۆناغەکان**
منداڵ (منداڵی شیرە خۆرە):- تۆ وەکو باوك پێویستە لەم قۆناغەدا هەموو شتێك بۆ ئەم منداڵە بکەیت و هەموو پێویستیەکان و داواکاریەکانی بۆ جێبەجێ بکەیت، وەکو باوك تۆ بە ڕێژەی100% بەرپرسیاریت لەو منداڵە، خوداش لێپرسینەوەت لەگەڵدا دەکات بەسەر ئەو شتەی کە فێری منداڵەکەت دەکەیت و ڕای دەهێنیت.

کاتێك لە قۆناغی شیرە خۆرە دەردەچێت: هەوڵ بدەن هەندێك شت بەیەکەوە ئەنجام بدەن و هاوکاری یەك بکەن، هەلی ئەنجامدانی هەندێك شتیان بۆ ڕەخسێنە، پلان و نەخشەی تۆکمەیان بۆ دابنێ، هەوڵ بدە ئەو منداڵە ببێتە منداڵێکی نموونەیی، هەوڵ بدە یەکسانی و دادپەروەری فێر بکەیت و پیشانی منداڵەکەتی بدە کە تۆ گوێڕایەڵ بویت بۆ خودا، بەرنامەکەی و بەرپرسیشی لەو شتانەی کە پێویستە ئەویش وا فێر بێت.
کاتێك لە قۆناغی هەرزەکاری دان:- لەم قۆناغەدا وازیان لێ بهێنن با هەندێك شت لە ژێردەستی خۆیان دابێت و ئەنجامی بدەن، بەڵام لە ژێرچاودێری ئێوەدا بن، هەوڵ بدە کە هەندێك شت بە یەکەوە ئەنجام بدەن، بەڵام وریابە کە ئەو هەرزەکارە ئاگای لە ئەرك و بەرپرسیاریەتیەکانی خۆی بێت و لەسەر هەندێك شت لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکە، لە بیرکردنەوەدا ئازادی بدەرێ، لە هەڵسوکەوتدا، بەڵام ئاگاداربە سنوور نەبەزێنێت، ئازادی پێدان ئەوەنییە کە ئەو هەرزەکارە هەرچی ئارەزووی لێ بوو بکات بەبێ بەرپرسیاریەتی (دادوەران 21: 25؛ وتەکان 12: 8) هەلی کاریان بۆ ڕەخسێنە، با بڕیار بدەن و پلان دابنێن، بەڵام تۆ وەکو باوك چاودێری بکە، تۆ هێشتا خاوەنی دوا بڕیاری کە دەدرێت، واتا دوا بڕیار لە زۆربەی شتەکاندا هەر لە ژێرجڵەوی تۆ دایە.
کاتێك لە قۆناغی گەنجێکی پێگەیشتوودان:- لێیان گەڕێن با هەموو شتێك بەخۆیان ئەنجامی بدەن، با خۆی بڕیار بدات و لێپرسینەوە لەگەڵ خۆی بکات، ئەوەی لێرەدا لەسەر تۆیە هەڵسەنگاندنی بڕیارەکانیەتی کە دەیدات، ئایا لەسەر چ بنچینەیەك بڕیار دەدات؟ کەواتا ئاگاداری دوا بڕیارەکانی بە بزانە ژیرانەیە، چونکە ئەو هێشتا لەماڵی تۆدایەو لەژێر دەسەڵاتی تۆدایە
کاتێك لە قۆناغی پێگەیشتووی تەواو دان:- باسەربەخۆیی تەواویان هەبێت، لێرەدا هەموو تایبەت مەندیەکی منداڵی لەسەر لادەچێت وەزۆربەی جار لەو تەمەنەدا ماڵەوەیان جێدهێشت و جا یان بۆ خوێندن، ئیش و کار، یان چونەتە ژیانی هاوسەریەوەو جیابونەتەوە یان...هیتد
کەوتا لێرەدا ئەوان سەربەخۆن لەهەموو شتێکدا خوداش فەرمانی کردووە کەلەو قۆناغەدا خۆیان بڕیاردەر بن دایك و باوك لێیان بەرپرسیار نین (مەتتا 19: 5) لێرەدا ئەو کەسانە بە تەواوی و 0/.100 بڕیاردەر و بەرپرسن بەرمبەر ژیان و خودا و خەڵك و دایك و باوك.... هتد.
هێشتاش دایك و باوك هەندێك شتیان بەسەریانەوە ماوە، بەڵام لەژێر جڵەوی ئەواندا نەماون، واتا ئەمانە دوو شتی جیاوازن، ئەوەی دایك باوك ماویانە تەنها خۆشەویستی و هاریکاری و هاندانە بۆ نوێژ و هەندێك ئامۆژگاری دیکە.
2. با کچان و کورانتان خۆیان هەڵەکانیان چاك بکەنەوە:-
أ. مەبەستی باوك
تۆ وەکو باوك نایێت ئامانجت ئەوە بێ کە منداڵەکانت وێڵ بن بەدوای ئەوشتانەدا کەوا ئێوە کردووتانە، چونکە هەندێك جار پێویستە هەندێك شتی تازەیان فێربکەن، دەبێت هەوڵ بدەیت کە گەشە بە بیر و هزری خۆیان بدەن و لە بەها و ڕەوشتەکانیان پلەی نایاب وەرگرن.
ب – گەشەکردنی بیرورا و سەرنج
گفتوگۆ بکە:- چۆن دەتوانیت یارمەتی منداڵەکانت بدەیت تاوەکو هەمیشە بواری بیرکردنەوە و باوەڕ بەخۆبوونیان فراوانتر بێت؟
سەرنج: کاتێك باوك بەردەوام وا لە ڕۆڵەکانی دەکات کە گوێ تەنها بۆ ئەوان بگرن و ملکەچی فەرمانەکانی ئەوان بن، بە چاك و خراپ و هەروەها وایان لێ دەکەن کە بەتەواوی لەسەر هەمان نەریتی ئەوان ڕۆن، ئەمە هەندێك جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە منداڵەکانیان گەشە نەکەن و لە هەمان قاڵبی باوکانیاندا بمێننەوە و سەربەخۆ نەبن لە بیرکردنەوە و بڕیاردان و ئەرك و بەرپرسیاریەتیاندا.
ج ـ هەنگاوەکانی پێشخستنی بیرورا:

فێربکە: کەسە نزیکەکان فێربکە تاوەکو خەڵکی کارامە و شارەزا دەربچن بۆ دونیا و دواڕۆژ، ئەوەش سێ هەنگاوی پێویستە:
- هەوڵبدە ڕاستییەکانی ئینجیل لەگەڵ ئەواندا بدۆزیتەوە:- سەرچاوەکانی ئینجیل بە بنچینەی گرینگ دادەنرێت بۆ وەرگرتنی زانیاری و دروستکردنی باوەڕداری ڕاست.
- هەوڵبدە شتی شیاو و گونجاو هەڵبژێرین:- لە کاتێکدا شتەکانی ئینجیل نەگۆڕن، کەواتا چەندین شتی ڕاست هەن کە دەتوانیت بیاندۆزیتەوە و هەڵیان بژێریت.
- هەوڵبدە بەیەکەوە گفتوگۆ بکەن سەبارەت بە ڕیزبەندی بڕیاردان:- بۆ نموونە ئینجیل دوو بنەمای گرینگ فێری هەرزەکاران دەکات سەبارەت بە پۆشاك لەبەرکردن، تاوەکو فێری بن و کاری لەسەر بکەن.
پۆشاك لەبەرکردن دەبێت شێوەیەکی ڕەوشت بەرزیانەی هەبێت (ئەفەسۆس 5:5), هەروەها لە ڕووی کلتوریەوە گونجاو بێت (1کۆرنسۆس 15: 31 ـ 32) بە هەموو بنەماکانی ڕەوشت و کلتورییەوە، هەرزەکاران سەربەستن کە چ بڕیارێك دەدەن.
3. با کوڕ و کچەکانتان پەیوەندی و دۆستایەتی پێگەیشتوو لەسەر بنەمای ژیری دروست بکەن.
أ مەبەستی باوەڕ: ئێمەی وەکو باوان نایێت ئامانجمان ئەوە بێت کە پەیوەندی منداڵەکانمان لەسەر بنەمای هەست و سۆز بێت، بەڵکو دەبێت لەسەر بنەمای ژیری بێت، پێکەوە پەیوەندیان هەبێت, دەبێت زۆر ئاگاداری منداڵەکانمان بین کە پەیوەندییەکانیان لەسەر بنەمای خۆشەویستی هاوبەش بێت, نەك تاك, چونکە ئەو جۆرە کلتورە لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا هەیە کە خۆشەویستی تاك لایەنەیە، ئەوەش زیان بە داهاتووی منداڵەکانمان دەگەیەنێت. پەیوەدی ڕاستەقینە و تەواو بەوە جیا دەکرێتەوە کە هەر کەسە و بەرپرسیاریەتییەکی تەواوی لە ئەستۆیە و کارەکانی خۆی دەکات, خۆی دەربڕی هەست و سۆزەکانیەتی. پاشان هەردوکیان بە هاوبەشی لەگەڵ یەکتری کار دەکەن.
ب ـ پێشخستنی هەست و سۆزی ڕاستەقینە
گفتوگۆ بکە:- چۆن دەتوانیت یارمەتی هەرزەکاران بدەیت تاوەکو هەست و سۆزی خۆیان لە ڕێگای ڕاستەقینە و دڵنیاییەوە دەرببڕن.
سەرنج:- هەرزەکاران هەست و سۆزی بەهێزیان هەیە و هەروەها دەری دەبڕن، زۆر جاران باوان حەز لە دەربڕینی ئەو هەست و سۆزە بەهێزانەی هەرزەکارەکانیان ناکەن، هەروەکو هەندێك جار لە شێوەی توڕەیی و ڕق و هاوار و شەڕ و گریان و...هتدەوە دەردەبڕدرێت.
زۆرجار هەرزەکاران هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی کە بڵێن ((ئەوە منم)) ((ئەوە منم کە چۆن هەست دەکەم و بیردەکەمەوە)) جا ئەگەر بەردەوام هەست و سۆزی هەرزەکاران بریندار کرا و سەرکۆنە کران ئەوا هەندێك جار دەبێتە هۆی ئەوەی کە کەسی دوور لەکۆمەڵگا و ناتەواو دروست ببێت, هەندێك جار پەنا بۆ درۆ و تاوان و ماددەی بێهۆشکەر و سێکس و هەڵوێستی خراپ دەبات و هەموو ئەمانە چاوڕێی دەکەن.
لەبەرئەوە ڕێ بدەن با هەرزەکارەکانتان سەربەست بن و بتوانن هەست و سۆزی خۆیان دەرببڕن, بەڵام یارمەتیان بدەن با بە دڵسۆزانە و ڕاستەقینە بێت.
ج ــ پێشخستنی پەیوەندی ڕاستەقینە و ژیرانە
گفتوگۆ بکە: چۆن دەتوانین یارمەتی خەڵکی گەنج بدەین تاوەکو پەیوەندییەکانیان بە باشی بەڕێوە بچن؟
سەرنج: ئینجیل هەموو باوەڕدارێك لە خێزانێکی دیاریکراو دادەنێت، لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو و لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو. کەواتە جیهان تەنها تایبەت نییە بە تاك، بەڵکو پەیوەندیش لە نێوان ئەو تاکانەدا هەیە, بۆ نموونە: باوان و منداڵان دەبێت هەریەکەیان ئەوی دیکە هانبدات تاوەکو شتەکان بەیەکەوە جێبەجێ بکەن، تاوەکو بەرامبەر بە یەکتری کراوە بن، تاوەکو لە هەموو ڕوانگەیەکەوە لە یەکترییەوە فێربن و خزمەتی یەکتری بکەن.
د ــ نموونەکانی پەیوەندی ناتەواو و ناتەندروست:

ـ دایكانی تایبەت هەمیشە هەوڵدەدەن كە منداڵەكانیان تەنها پەیوەست بن بەخۆیانەوە.
ـ هەندێك منداڵی پێگەیشتوو ناتوانن خۆیان ئازاد بكەن لە كۆنترۆڵی دەسەڵاتی باوانیان.
ـ هەندێك پیاوان دەیانەوێ دەزگیرانەكانیان وەك دایكێك بێت بۆیان.
ـ هەندیك لە ژنان هەوڵدەدەن كە وەفادار و میهرەبان بن بۆ دەزگیرانەكانیان.
ـ ئینجیل نێربازی و پانپانۆكێ و ئەو شتانەی پەیوەندیان بەئەمانەوە هەیە قەدەغەی كردووە.
ج ـ باوكان منداڵەكانتان ڕابهێنن لەسەر خوداپەرستی و پێدانی زانیاری دروست.
فێربكە: خۆشویستنی دایكی منداڵ و بەخێوكردنی منداڵ دوو بەرپرسیارییەتی سەرەكی هەموو باوكێكە.
ـ ڕاهێنان: واتا فێركردنی ڕاستییەكانی ناو ئینجیل.
ـ ڕاهێنان بۆ خوداپەرستی واتا جێبەجێكردنی فەرمانی خودا كە لەناو كتێبی پیرۆزدا هاتووە.
دایكیش پێویستە یارمەتیدەر بێت بۆ تەواوكردنی ئەركەكانی (پەیدابوون 2: 18).
1ـ منداڵەكەت ڕابهێنە تاوەكو هاوڵاتییەكی باش بێت لەم جیهانەدا.

بخوێنەوە
ـ بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بكە. ئەو شوێنە گرنگانە چین كە لەسەر باوان پێویستە منداڵانی تێدا ڕابهێنێت.
سەرنج: لەو ڕێگاوە ڕایانبهێنە كە خودا دەیەوێت. خێزانی تەندروست و باش بە بەردی بناغەی نەتەوەی تەندروست دادەنرێت.

(مانای ڕاهێنان)

ڕاهێنان واتا:
ـ ڕاهێنانیان لەسەر بەرجەستەكردنی ڕاستی.
ـ بۆ بەردەوامی هاندانیان.
ـ پاداشتكردنیان یان سزادانیان لە كاتی پێویست.

(مەودای ڕاهێنان)

دەبێت ڕایانبهێنیت تاوەكو:
ـ ڕۆشنبیر و كۆمەڵایەتی بن
ـ بۆ ئەوەی ژیر بن.
ـ بۆ ئەوەی خۆشەویستی زیندووببێتەوە, خۆشەویستی واتا (بەخشندەیی و سادەیی و ێفیزی و ڕەفتاری باش)
2ـ منداڵەكەت ڕابهێنە تاوەكو هاوڵاتییەكی باشبێت لەناو شانشینی خودا
ـ "وتەكان 6: 4-9؛ پەندەكان 14: 26؛ 20: 7" بخوێنەوە.
ـ بدۆزەرەوە و گفتوگۆ بكە.
گرنگی ئەو نموونەیە چ باوانێك پێشكەوتوو ڕێكخراوە؟
گرنگی ئینجیل لە مەشق و ڕاهێناندا چییە؟
د ـ بەرپرسیاریەتی منداڵان بەرامبەر باوانیان.
بەرپرسیاریەتی منداڵان بەرامبەر باوانیان چین؟ منداڵان دەبێت هەمیشە ئەوە بزانن كە باوانیان بە نرخن، لەگەڵ ئەوەشدا تەواونین، باوان منداڵەكانیان خۆشدەوێت. پێویستە بەشداری لە ژیانی منداڵەكانیان بكەن تاوەكو تەواوبن.
(كۆلۆسی3:20؛ پەندەكان 23: 22-25؛ ئەفەسۆس 6: 1-3) بخوێنەوە.
گفتوگۆ بكەو بدۆزەرەوە: ئەو بەرپرسیاریەتیانە چین كەخودا داویەتیە منداڵان؟
سەرنج: ئەم دوو لێپرسراویەتییە دوو گەورەترین دیارین كە منداڵ دەتوانێت بیداتە باوانی؟
ـ گوێڕایەڵی لە كاتی گەنجییەتی.
ـ هەروەها ڕێزداری و ڕوشت بەرزی لە كاتی پێگەیشتن.

ح ـ منداڵان، گوێڕایەڵی باوانیان بکەن، بەناوی خودا
فێر بکە: ئەو سێ ڕاستییەی خوارەوە پەیوەندییان بە گوێڕایەڵی باوانەوە هەیە:
1ـ گوێڕایەڵی باوانت بە لەو شتانەی کە لە دژی ئینجیل نین.
(مەرقۆس 7: 1-13؛ کردار 4: 19-20؛ 5: 29؛ مەتتا 10:37" بخوێنەوە.
گفتوگۆ بکە: لە چ شوێنێکدا گرنگە کە عیسای مەسیحت لە باوان زیاتر خۆش بوێت؟ وە لە چ شوێنێکدا پێویستە باوانت دڵخۆش بکەیت؟
سەرنج: ئەگەر باوانت داویان لێ کردیت کە شتێك بکەیت هەڵەبێت بەرامبەر بە خودا، یان خێزانەکەت تۆی خۆشنەویست لەبەر ئەوەی مەسیحی یان داوات لێ دەکەن کە کەسێك بخوازیت مەسیحی نەبێت، پێویستە تۆ بە لەسەرخۆییەوە ڕەتی بکەیتەوە، ئەگەر خێزانەکەت داوایان لێ کردیت کە دوای دابونەریتی کۆنیان بکەویت و لانەدەی, لە کاتێکدا ئەو دابونەریتە لە دژی ئینجیلە، دەبێت بە نەرمی و لەسەرخۆییەوە ڕەتی بکەیتەوە.
2ـ پێویستە هەتاکو ئەوەی منداڵیت گوێڕایەڵی باوانت بیت (بەر لە تەمەنی 18 ساڵ).
ـ "لۆقا 2: 51؛ مەڕقۆس 3: 20-21؛ 31-35" بخوێنەوە.
ـ بدۆزەوە و گفتوگۆ بکە: هەتاکو کەی عیسا گوێڕایەڵی باوانی کرد؟
سەرنج: ئینجیل فێری ئەوەمان ناکان کە تاهەتایە بە درێژایی ژیان گوێڕایەڵی باوانمان بین، بەڵکو تەنها کاتێك منداڵین تاکو تەمەنی 18 ساڵی و پاشان تاوەکو پێگەیشتین. قۆناغی پێگەیشتن ئەو قۆناغەیە کە تێیدا ماڵەوە جێدەهێڵیت, یان چیتر پشت بە باوان نابەستیت لە ژیان, یان چویتە ژیانی هاوسەرییەوە, بەم شێوەیە گوێڕایەڵی دایك و باوك سنوری خۆی هەیە یان کاتی خۆی هەیە. بەڵام دەبێت هەمیشە ئەوەمان لەیادبێت کە ڕێزگرتن و خۆشویستنی دایك و باوك هیچ سنور و کاتی نییە و پێویستە تا دەمریت ڕێزیان بگریت و خۆشت بوێن.
3ـ گوێڕایەڵی باوانت لەبەرئەوەی مەسیحیت
گوێڕایەڵی دایك و باوك خوداپەرستی و شوێن کەوتنی عیسا گرنگە, چونکە تۆ مەسیحیت و پێویستە شوێن فەرمانەکانی عیسا بکەویت.
خ ـ منداڵان, ڕێزی دایك و باوکتان بگرن
فێربکە: ڕێزگرتن واتا بەگەورەدانان و خۆشویستن بێ ئازاردانیان, بێ خۆپەرستی و ترس, ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکە لە پەیوەندی مرۆڤ بە دایك و باوکییەوە یان بە خەسوو و خەزووری, هەروەها پەیوەندی بە باوەگەورە.
گفتوگۆ بکە: گفتوگۆ بکە سەبارەت بەم پێنج ڕێگایەی خوارەوە کە دەربارەی ڕێزی دایك و باوکە, جا دایك و باوکی خۆت بێت یان هی خێزانەکانتان.
1ـ ڕێز لە دایك و باوکت بگرە ئەمەش بەوە دەبێت کە مشتومڕیان لەگەڵ نەکەیت. کاتێك مشتومڕ لەگەڵ باوان دەکەین، ئەمە مانای وایە کە تۆ ڕێزیان ناگریت لەسەر ئەوشتەی کە تۆ پەیوەندی ڕۆحیت پێوەی نییە. بۆ نموونە:- مشتومڕیان لەگەڵ مەکە دەربارەی ئەوەی کە کام پۆشاك گونجاوە یان نەگونجاوە. یان کام بەرنامەی تەلەفیزیۆن گرنگە, چونکە ئەگەر وابکەیت واتا لە نرخی دایك و باوکت کەم کردەوە. چۆن دەتوانیت بە شێوەیەکی ئەرێیی ڕێزی دایك و باوکت بگریت؟
تۆ ڕا و سەرنجی خۆت بە شێوەیەکی نەرمونیان و لەسەرخۆ ڕوون بکەوە, پاشان شتێك بکە کە ئەوان دڵخۆش بکات. بەم شێوەیە نیشانی دەدەیت کە تۆ باوەڕت بە خودا هەیە و هەر ئەویش ئەو تایبەتمەندیانەی پێ بەخشیویت.
2ـ ڕێزی دایك و باوکت بگرە بە وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان بە شێوەیەکی کاریگەریانە.
نابێت کاتێك باوان سەرنج و تێبینییەکانی تۆیان ڕەتکردەوە تۆش بێ ڕێزیان بەرامبەر بکەیت. چۆن دەتوانیت ڕێزی دایك و باوکت بگریت بەشێوەی ئەرێیی؟ کاتێك باوانت سەرنج و تێبینیان هەبوو, لێیانەوە فێربە، لەکاتێکدا هەلی ئەوەت هەیە کە شتی گرنگیان لێوە فێربیت و ژیری

کۆبکەیتەوە. بە تایبەتی لە بەهرە و تواناکانیان تێبگە و زانیاریان لێ وەربگرە. هەندێك باوان توانایەکی زۆریان هەیە لە بواری پلان و نەخشەدانان, دەبێت ئاگاداریان بیت، یان لە بواری پاشەکەوتکردنی پارە و ڕابەرایەتی هەندێك بواری دیکە. پێویستە ڕێز لە ئامۆژگارییەکانیان بگریت و بە ڕاستەقینە وەریان گریت و شتی گرنگ لە ئامۆژگاریە چاکەکان وەرگریت و بەسەرهاتەکانیان بۆ تۆ ببێتە پەند.
3ـ ڕێزگرتن لە باوانتان لە ڕێگای بەشداریکردنیان لە ژیانی ڕاستەقینەی تۆدا.
ئەگەر ڕێ بە دایك و باوکت نەدەیت بەشداری ژیانی تۆ بکەن و نەزانن کە تۆ بیر لەچی دەکەیتەوە، ئەگەر وا بکەیت ئەوا بێ ڕێزیت بەرامبەر نواندون، یان پێویستە بزانن لە ڕاستیدا تۆ چیت و چی دەکەیت, یان پێویستە ئەوان بزانن کە تۆ پلان و نەخشە بۆ چی دادەنێیت، با لە پلانەکانتدا بەشداربن و ڕاوێژیان پێ بکە.کاتێك نایەڵیت دایك و باوکت لە خۆشی و ناخۆشیەکانت ئاگاداربن کەواتە تۆ بێ ڕێزیت بەرامبەر نواندون، داپڕینی دایك و باوکت لە ژیانی خۆت و جیاکردنەوەیان مانای بێ ڕێزییە بەرامبەریان.
چۆن بە شێوەیەکی ئەرێیی و باش ڕێز لە دایك و باوکت دەنێیت؟ پێویستە بەردەوام پەیوەندییان پێوە بکەیت, چونکە هێشتا ئەوە باشترین ڕێگایە. دەربارەی چالاکیەکانت قسەیان بۆ بکە، لە قوتابخانە و لە ئیش کردندا چی دەکەیت، لەگەڵ هاوڕێکانت یان لە نوێژکردندا چی دەکەیت. پێیان بڵێ کە باوەڕت بە چی هەیە، دەربارەی خودا، خەڵك، جیهان، دەربارەی باوەڕی مەسیحی، دەربارەی هەست و سۆزت، ژیریت، ڕێزی ژیری و ئەزمونەکەیان بگرە.
4 ـ ڕێز لە باوانت بگرە بە خزمەتکردنیان و خزمەتکردنی کەسانی دیکە.
تۆ بێ ڕێزیت بەرامبەر دایك و باوکت نواندووە، کاتێك یارمەتییان نەدەیت تاوەکو بە نابەدڵییەوە داوات لێ نەکەن. کەواتە بۆ ئەوەی لە ڕێگایەکی باشەوە یارمەتی دایك و باوکت بدەیت، پێویستە بیربکەیتەوە و ڕاهێنان بکەیت تاوەکو بە باشترین ڕێگا بدۆزیتەوە. دەبێت ببیتە نموونەی نواندنی ڕفتاری جوان لەگەڵ باوانتدا، پەیوەندی پتەوت لەگەڵ خوشك و براکانتدا هەبێت. کاری ماڵەوەت جێبەجێ بکە بێ ئەوەی ئەوان داوات لێ بکەن. وریا و بەلیمەت بە, لە خوێندن و خوێندنەوەت و پیشەکەتدا بە جدی هەوڵ بدە، ئاگاداری ئەو هاوڕێیانە بە کە پەیوەندیت لە گەڵیاندا هەیە، ئەو شوێنەی بۆی دەچیت، ئەو شتانەی کە دەیکەیت، با کاریگەری سامناکی نەبێت لەسەر باوانت.
5 ـ ڕێزی دایك و باوکت بگرە بە خۆشویستنیان.
تۆ بێ ڕێزیت بەرامبەر باوانت نواندووە کە ئەگەر وای نیشان بدەیت هەروەکو شتێکی کلتوری و نەریتی ئەوانت خۆش دەویت. بە نموونە سەردانکردنیان، دیاری پێدانیان، بەجێگەیاندنی ئاواتەکانیان. بێ ڕێزی دەکەیت ئەگەر خۆت لە پێدانی هەندێك شتی تایبەت بەوان واتا ئەگەر ئەو شتە بە نموونە (دەست خۆشی) تێدا نەبوو. بێ ڕێزیت نواندووە کاتێك قسەیان لەگەڵدا ناکەیت و سوپاسگوزاریان نیت لەسەر ئەو شتانەی کە لە ڕابردوودا بۆ تۆ ئەنجامیان داوە و تۆیان بەخێوکردووە و گەورەیان کردوویت.
هەروەها بێ ڕێزیت بەرامبەر نواندوون کاتێك لە هەڵکانیان نابوریت و بە تووڕەیی بە سەریاندا هاواردەکەی. هەموو ئەمانە نیشانەی ئەوەیە کە تۆ باوانت خۆشناوێت.
ڕێزنەگرتنی دایك و باوك زۆر بە قووڵی برینەکانیان دەکولێنێتەوە و ئازاریان دەدات، پیشاندانی ئەو بێ ڕێزییانەی لە پێشووتر باسمانکردن مانای ئەوەیە کە تۆ باوانت بە شایەنی ئەوە نازانیت کە ڕێزیان بگریت. هەوڵبدە لە باوانت تێبگەیت هەوڵبدە لەوە تێبگەیت ئەوان چۆن بوون لەگەڵ باوانیاندا, هەوڵبدە تێبگەیت لەوەی کە ئەو تەنگوچەڵەمانەی لە ڕابردوودا تووشیان بوون چین، هەروەها لە ڕووی پەروەردەکردنی منداڵ و کار و... هتد چۆن بوون.
5 ـ نوێژکردن و نزا (8 خولەك)
نوێژکردن و نزا لە وەڵامی خودا

هەوڵبدە نوێژ بکەیت و سزا و پاداشتدانەوە بکەیت بۆ ئەو شتانەی کە ئەمرۆ فێریان بوویت.
هەوڵبدە گروپەکانت بە شێوەی دوو کەسی و سێ کەسی بێت.
6ـ ئامادەکاری بۆ ماڵەوە (2 خولەك)

**بۆ وانەی داهاتوو**

پێشڕەوی گروپ:- هەوڵبدەن ئەم ئامادەکارییانە بە نوسراو بدەنە ئەندامانی گروپ بۆ ماڵەوە, یان بۆیان کۆپی بکەن.
1ـ سپاردن (بەڵێن پێدان):- هەوڵبدەن لەو ماوەیەدا قوتابی دروستبکەن لە ڕێگای وتاردان و فێرکردن و خوێندنەوەی (پەیوەندی باوان ـ منداڵ) بە تەنیا یان لەگەڵ کەسێکی دیکە یان گروپێکی دیکە.
2ـ کات تەرخانکردن بۆ خودا:- هەوڵبدە کات تەرخان بکەیت بۆ خوێندنەوەی نیوەی بەشی (نحەمیا 4، 8، 9، 10), هەموو ڕۆژێك و ڕاستییەکانیش کە بۆت دەرکەوتووە بیهێنە.
3ـ خوێندنەوەی ئینجیل:- هەوڵبدە لە خوێندنەوەی ئینجیل بەردەوام بیت بۆ وانەی داهاتوو (ئەفەسۆس 6: 10-20) بابەت (جەنگی دەروونی لە جیهاندا), هەوڵبدە ئەو پێنج هەنگاوەی خوێندنەوەی ئینجیل بەکاربهێنن، سەرنج و تێبینی دەربهێنە.
4ـ نزا:- هەوڵبدە لەم هەفتەیەدا نزا بۆ کەسێك یان شتێکی دیاریکراو بکەیت, هەروەها سەیر بکە خودا چی دەکات (زەبوورەکان 5: 3)
5ـ دەفتەرەکەت نوێبکەوە:- لەسەر دروستکردنی قوتابی. نووسینی تێبینی دەربارەی پەرستش، فێرکردنی سەرنجەکان و هەموو ئامادەکاریەکانی دیکە.